بافە جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مۆسکۆ لەگەڵ سەرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی روسیا کۆبووەوە.



بافە جەلال تاڵەبانی، سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان لە مۆسکۆ لەگەڵ سەرگی لاڤرۆڤ، وەزیری دەرەوەی روسیا کۆبووەوە.

لە کۆبوونەوەکەدا کە دەرباز کەسرەت ڕەسوڵ، لەپەرسراوی مەکتەبی پێوەندییەکان ئامادەبوو، دوایین گەشەی هەنگاوەکانی سیاسی، ئابووری و ئەمنییەکانی ناوچەکە تاوتوێکران و جەخت لە پەرەپێدانی پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان، عێراق و روسیا کرایەوە لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکاندا.

سەبارەت بە هێرشە تیرۆریستییەکەی هەفتەی ڕابردووی مۆسکۆ کە خەڵکێکی مەدەنیی کردە قوربانی،بافە جەلال تاڵەبانی پرسە و هاوخەمیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی گەیاندە گەل و وڵاتی روسیا و جەختی لە پتەوکردنی هەوڵە جیهانییەکان کردەوە بە ڕووبەڕووبوونەوەی بیری توندڕەوی، هەماهەنگیی نێوان وڵاتان بە زاڵبوون بەسەر ئاڵنگارییە ئەمنییەکان و لەناوبردنی پاشماوەکانی تیرۆر کە تاوەکو ئێستاش هەڕەشە لە مرۆڤایەتی دەکات.

لەدرێژەی کۆبوونەوەکەدا سەرۆکی یەکێتیی هەڵوێستی لەسەر دوایین پێشهات و گەشەکانییەکان کرد و ستراتیژیی یەکێتی خستەڕوو، هەروەها جەختی لە گەشەپێدانی پێوەندییە سیاسییەکان کردەوە بە

ئاماژەی پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و وتی، "پێویستە سەروەریی خاکی عێراق و هەرێمی کوردستان پارێزراوبێت و وا تێکەمان نەبێتە جێگەیەك بە یەکلاییکردنەوەی ناکۆکییەکان".

لەبەرامبەردا سەرگی لاڤرۆف، وەزیری دەرەوەی رووسیا پابەندبوونی رووسیای بە ئاشتیی درێژخایەن لە ناوچەکە دووپاتکردەوە لە ڕێگەی سیاسەتی دەستوەرنەدان لە کاروبار و سەروەرییەکانی عێراق، هاوکات هەردوولا پێویستیی پاراستنی سەقامگیریی سیاسی و ئاشتییان لە عێراق و ناوچەکە دووپاتکردەوە.

پێیوەندییە مژووییەکانی نێوان گەلی کورد و روسیا تەوەرەکیتری کبوونەوەکە بوو و هەردوولا بەپەرەشییەوە جەختییان لە پەرەپەدان و فراوانترکردنی کردەوە، هەروەها هەوەکانی سەرۆك مام جەلال لە دانانی نەخشەگای پێیوەندییەکە، بەرزنرخنرا و هەردوولا هاوابوون، پابەندبوون بە نەخشەییەوە دەبێتە مایەی فراوانکردنی هاریکاری و هەماهەنگییەکان و لەبەرژەوەندیی هەردوولا دەبێت.